SORANI

# چۆنیەتی کارپێکردن بەسرنجی پریگنێڵ Pregnyl®

**دەبێت ئەو کەل وپەلانەت لەگەڵ پاکێتی سرنجی پریگنێڵت وەرگرتبێ:**

- ٣ دانە– ئەمپولی پڕ لەمادەیەکی ووشک(پۆدرە) ی **٥٠٠ IU** + ٣دانە–ئەمپولی پڕ لەمادەیەکی شل.
- لەگەڵ ئەوەش پێویستیت بەسرنجی **٢ ml**، دەرزیەکی پەمبەیە کە گیراوەکەی پێ دەردەهێنی، وسرنجێکی خوڵمێشی کە دەرزی پێ لێ دەدرێ.

١ دوو ئەمپولی ووشک(**IU ١٠,٠٠٠**) دەربێنە لەگەڵ یەکێکی شل.

٢ لەسەلکی ئەمپولی شلەکە بەپەنجە بکوتە تاوەکو شلەکە لەخوارەوەی ئەمپول کۆببێتەوە. پاشان سەلکی ئەمپۆلەکە لێ بکەوە.

٣ دەرزیە پەمبەکە لەسەری سرنج قایم بکە و بەهۆی سرنجەکە شلەکە لەئەمپولەکە ڕابکێشە.

٤ هەموو شلەی ناو سرنج بخە ناو ئەمپولێکی ووشکەوە ، دەبێت پۆدرەکە بەتەواوەتی بتاوێتەوە.

٥ پاشان گیراوەکە لەئەمپولەکە بە سرنجێکەوە دەربێنە و بیخە ناو ئەمپولی ووشکی ترەوە، دەبێت ئەویش بەتەواوەتی بتاوێتەوە و دووبارە بەسرنجەوە ئەمپولی دووەمی ووشک بەتاڵ دەکرێت.

٦ بەپەنجە سرنج بکوتە تاکو هەموو هەوای بەتاڵ لێ ی دەردەچێت پاشان دەرزی ڕەنگی خوڵەمێشی لەسرنجەکە بخە.

٧ پاشان سرنجەکە بەشێوەیەکی بەردەوام لە قەڵەوی زگ دەدرێ بەهەمان شێوەی سرنجی پوریگۆن(**Puregon**). بەڵام لەوانەیە ئەم سرنجە ژانی زیاتر بێت و / یان پێست زیاتر سوور بکاتەوە لە سرینجی پوریگۆن.

fertilitetsguiden.nu Schering-Plough

Schering Plough AB P.O. Box 6185, 102 33 Stockholm. تەلیفۆن 08 522 21 500. فاکس 08 522 21 501. www.schering-plough.se